# هیچ پاساوێک بۆ دەمکوتکردنی مرۆڤ نییە

ئەمجەد شاکەلی

دەمکوتردنی دەنگی جیاواز لە لایەن دەسەڵاتەوە، کارێکی نوێ نییە و تایبەتیش نییە تەنێ بە کوردستانەکەی لەمەڕ ئێمە. لەوەتی مرۆڤ هەبووە و دەستەیەکی گچکە بەنێوی دەسەڵات و کارگێڕی و فەرمانڕەواییەوە سواری سەری زۆرینەکەی جڤاک بوون، ئیدی هەمیشە و بێبڕانەوە، ململانێیەکی سەخت لە نێوان تێڵابەدەستانی کەمینە و دەستپەتی و بێتێڵایانی زۆرینەدا هەبووە. تێڵابەدەستان هەمیشە گەجەر و گوجەری بازاڕی فەرهەنگ و خەڵکانی کاسەلێس و پاشاخورخۆر و هەلپەرست و سازشکار و درۆزن و پارەپەرستیان لە خۆ خڕکردووەتەوە و کارە دزێو و ناڕەوا و بەدڕەوشتی و ساختەکاری و دزی و ناحەزەکانی خۆیانیان بەهۆی ئەو لۆتی و زۆڕناژەنانەوە، بە ڕەوا و جوان و باش، بە مرۆڤ، بە هاووڵات، پێشانداوە و فرۆشتووەتەوە. لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نموونەی هەزارانی لەو خۆهەڵواسێنەرانە، کە وەدووی دەسەڵات کەوتوون و دەکەون و لیکیان بە لالێودا هاتووە و دێتە خوارێ، دەبینینەوە. پێچەوانەی ئەوانەیش خەڵکانێکن، ڕاستگۆیی دروشمیانە و کار بۆ ڕەوایەتی و داد و چوونیەکیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ دەکەن. ئەمانە هەرگیز خۆشەویستی دەسەڵات نەبوونە و نین و هەردەمیش لە لایەن دەسەڵاتەوە، بە چاوی گومانەوە سەیرکراون و وەبەر قامچی دەسەڵات کەوتوون.

دەسەڵاتی ترسنووک هەمیشە لە مرۆڤی ڕاستگۆ و بوێر دەترسێت و ڕێگەی پێ نادات قسەی خۆی بکات. ئەوانەی لەنێو تەلار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیاکانی دەسەڵاتەوە، جاروبار ئەگەر جووکە و نووزەیەکیان لێوە بێت، مەگەر هەربۆخۆیان بە ڕەخنەگرتنی دابنێن، دەنا لە پینەکردنی قنگی هەڵماڵراو و بەدەرەوەبووی دەسەڵات و ئارایشتکردن و ڕازاندنەوەی ڕوومەتی دزێو و بێفەڕی دەسەڵات زیاتر، هیچی دیکە نییە. ئەوانەی لە سەنگەری دەسەڵاتەوە بە نێوی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، دەجووکێنن و دەنووزێنن، بۆ خۆیان دەنگی دواوەی دەسەڵاتن و بەدەر لەوە هیچی دیکە نین. هیچ دەروێشێک لە نێو کۆڕی زیکر و دەروێشانی حاڵگرتوودا، کە خۆی یەکێک بێت لەوان، ناتوانێت دژی شێخەکەی ڕاوەستێت و خراپەی بڵێت. هیچ حیزبییەک لە نێو ڕێکخراوەکەی خۆیدا، کە خۆی یەکێک بێت لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە و ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەی لێ بووبێت بە ئایین، ناتوانێت دژی حیزبەکەی و سەرۆکی حیزبەکەی و ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەی ڕاوەستێت و خراپەی بڵێت

. هیچ نووسەر و ڕووناکبیرێک، کە لە سەر خوانی دەسەڵات بلەوەڕێت و هەرچی شانازییەکی هەیە لە دەسەڵاتەوە سەرچاوە بگرێت، ناتوانێت نووسەر و ڕووناکبیرێکی ڕاستگۆ و خاوەنهەڵوێست بێت، بەڵکە هەمیشە ملکەچ و چەشەکراو و چاوەخواری مووچەی دەسەڵاتە.

لە کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان هەرجارەو کەسێک یا کەسانێک و هەرجارەو بە بیانوویەکەوە، دەمکوت دەکرێن. ڕۆژێک دەنگی عەبدولخالیق مەعرووف، کپدەکرێتەوە و وەبەر گوللەی دەسەڵات دەدرێ، تەنێ لەبەر ئەوەی قسەی ڕاست دەکات و چرایەک پێدەکات و گەرەکیەتیی چواردەوری خۆی و دڵی خەڵکەکەی خۆی ڕۆشن بکاتەوە. ڕۆژێکی دیکە بەکر عەلی، وەبەر ڕێژنەی گوللەی دەسەڵات دەدرێ، تەنێ لەبەر ئەوەی هاواری چەوساوە و لانەوازان بە گوێچکەی کەڕی دەسەڵاتدا دەدات و هەست و وێژدانی هەژاران دەگەیەنێتە دەسەڵات. ڕۆژێک دەسەڵات تەنگ بە نووڕەددین وەیسی و ئاکۆ موحەممەد گەردی هەڵدەچنێت، تەنێ لەبەر ئەوەی ڕاستگۆن و باسەکان وەک چۆنن وەها دەیانخەنە پێش چاوی خەڵک و ئامارێکی دەربڕی ڕای خەڵک بڵاو دەکەنەوە. ڕۆژێکیش دەسەڵات خەڵکی گەرمیان و کەلار دەداتە بەر گوللە، تەنێ لەبەر ئەوەی گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن و باسی نەبوونەی خۆیان دزیی دەسەڵاتداران دەکەن. ڕۆژێک فەتتاح زاخۆیی، لە وەزارەت وەدەردەنرێت، تەنێ لەبەر ئەوەی دەنگی بۆ دەستوورێکی سەرشۆڕکەر نەداوە. ڕۆژێکیش دوکتۆر کەمال سەیید قادر، بزردەکرێت و دەگیرێت.

لە سەردەمی شۆڕش و ڕابوونی خوێندکارانی فرانسا لە مایسی 1968دا، هەندێک خەڵک داوایان لە ژەنەراڵ دیگۆل[1] کرد، کە سارتر[2] بگرێت و زیندانی بکات، دیگۆل بە تووڕەییەوە قیڕاندی بە ڕوویاندا و گوتی: داوای گرتنی "ڤۆلتەیر"[3]م لێ دەکەن؟ ڤۆلتەیر ناگیرێت.

ئەوەی دیگۆل کردی و گوتی، هەڵوێستی پیاوێکی سیاسیی مەزنە، بەرانبەر ئەوانەی دژی بوون و بەرەوڕووی دەبوونەوە و دژی دەپەیڤین و ڕەخنەیان لێ دەگرت. پیاوی سیاسیی مەزن لەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن و دژی دەنووسن و دەپەیڤن ناترسێت و بگرە ڕێزیشیان بۆ دادەنێت. ئەوانەی پیاوی سیاسیی مەزن دەبێ لێیان بترسێت، ئەوانەن هەمیشە و بێ هیچ بۆنەیەک و خۆبەخشانە و هەرلەخۆڕا دەستخۆشی لێ دەکەن و پەسنی دەدەن و پیایدا هەڵدەڵێن و هەڵدەدەن و مەرایی بۆ دەکەن و ماستاوی بۆ سارد دەکەنەوە و مامەحەمەیی بۆ دەکەن و هیچ هەڵەیەکی نابینن و ناخەنە پێش چاو. ئەوانەی پیاوی سیاسیی مەزن دەبێ لێیان بترسێت، ئەوانەن هەمیشە بە گرێی ملدا دەدەن و پاساو بۆ هەموو هەڵە و تاوانکارییەکی دەسەڵات دەهێننەوە و لەبەردەم دەسەڵاتدا بچووک بچووک دەبنەوە و لە نێو ڕاڕەو و تەلارەکانی دەسەڵاتدا گرگن گرگن دێن و دەچن و قسەکانی دەسەڵات کاوێژ دەکەنەوە.

[1] ژەنەراڵ شارڵ دیگۆل(Charles De Gaulle) 22ی نۆڤەمبەری 1890- 9ی نۆڤەمبەری 1970، ژەنەراڵی لەشکری و سیاسیی فرانسی. لە نێوان 1944-1946دا سەرۆکی حوکوومەتی فرانسا و لە نێوان 1959-1969یشدا سەرۆککۆماری فرانسا بوو.

[2] ژان پۆڵ سارتر(Jean-Paul Sartre) 21ي يوني 1905- 15ی ئەپریلی 1980، فەیلەسووف و ڕووناکبیر و نووسەری فرانسی.

[3] ڤۆلتەیر(François Voltaire) 21ی نۆڤەمبەری 1694- 30 ی مای 1778، نووسەری فرانسی.

من ناڵێم عەبدولخالیق مەعرووف و بەکر عەلی و نوورەددین وەیسی و ئاکۆ موحەممەد گەردی و کەلارییە ڕاپەڕیوەکان، فریشتە بوون و هیچ جۆرە هەڵەیەکیان نەبووە و نایەژم دوکتۆر کەمال سەیید قادر، ڤۆلتەیر یا ژان پۆڵ سارترە و ڕەنگە لەگەڵ بەشێکی زۆری نووسین و بۆچوونەکانیشیدا نەبم و ناشڵێم فەتتاح زاخۆیی، بەرهەڵستکار و دژەدەسەڵاتە، لێ پێموایە ئەوەی دەنگی ناڕەزایی و ڕەخنە، کپ بکاتەوە و خەڵک لە سەر گوتنی بیروڕا وەبەر فیشەک بدات و لە زیندان توند بکات و ئەوەی پێیوابێ دەنگنەدان و نەگوتنی بەڵێ، بەو دەستوورە عیراقییە سەرشۆڕکەرەی کورد خیانەتە، هەرگیز لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی جیاوازیی بیروبۆچوون و ئازادی مرۆڤ نەگەیشتووە و بڕوای پێ نییە و لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا ڕاستگۆ نییە و بەرژەوەندی نیشتمان و خاک و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی نەگەرەکە و بەلاوە گرنگ نییە. ئەوەی لێنەگەڕێت خەڵک قسەی خۆی بکات و چ دەڵێت بڵێت و چ دەنووسێت بنووسێت و باس لە چ دەکات بکات و ئەوەی سانسۆر بخاتە سەر قسەی خەڵک و فلتەر بخاتە گەرووی خەڵکەوە، دەبێ هەمیشە نەفرەتباران بکرێت و هەرگیز چاوەڕوانی ئارامیی نەبێت. بە بۆچوون و دیتنی من، هەرگیز هیچ پاساوێک بۆ کلۆمکردنی زاری خەڵک نییە و بە هیچ جۆرێک و لە هیچ هەلومەرجێکیشدا، نابێ ڕێگە لە ڕادەربڕین بگیرێت. ڕێگەگرتن لە ڕادەربڕێن تاساندنی ئازادییە و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی لاڵ و بێزمان و ملکەچ و کەوییە و هیچی تر.

2005-10-30